دەسەڵاتی نووسینو رۆشنبیرو دەسەڵات

2 لە 2

غازی حەسەن / شام

لەبەر ئەوە رۆشنبیری ئەمڕۆی کورد دەبێت لە سایەی بیرکردنەوەی دوورو چارەنووسساز لە نێوان دوو پرسیار بوەستێت، دەسەڵاتی نووسینو مەودای کاریگەری ئەم دەسەڵاتە لەسەر خودی رۆشنبیرو گۆڕانکارییە هەمە لایەنەکانی ناو کۆمەڵو کێشەی رووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی. هەروەها دەسەڵاتی حوکمڕانی لە هەوڵدانی بۆ راکێشانو تێکەڵبوونی رۆشنبیر دەگەل دەسەڵاتو هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ سەرکوتو لە رێ لادانی رۆشنبیریو سانسۆرو جڵەوکردنی قەڵەمو فکری خودان هزر چی دەخات، تا سەردەمی ئەنتەرنێتو تەکنەلۆژیاو کۆمپیوتەر، دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان هەن بوونی پەخشی تەلەفزیۆنو رادیۆ بە زمانی کوردی بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی حوکمڕانیو داوڕژی وڵاتەکانیان دەزانن، زمانی کوردی لە قوتابخانەو خوێندن بە هەرەشە بۆ داوڕژی خۆیان (دەسەڵات) دەزانن!! هەروەها لەتەك ئەمانەشدا دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشوور لە سایەی ئەم گەشەکردنە خێرایە روو دەداتو هەیە، ئاشکرایەو دەزانرێت دەسەڵاتی قەڵەمو نووسینو رۆشنبیری چەندە، بۆیە هەمیشە لەتەك پەرەپێدانی ئەم بوارەو فرەکردنی چاویشیان لەوەیە بوارەکانی رۆشنبیری لە (وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا) و (رۆشنبیری) و (چاپو بڵاوکردنەوە) و (راگەیاندن) لەژێر دەسەڵاتو چاودێری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی خۆیان بن، تا ئەوەی هەندێکیان دەزگای تایبەتمەندو نزیك لە دەسەڵات یا لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی دەسەڵاتیان دروست کردووەو بەرێوەی دەبەن! ئەمانە پرسیارێکن دەبێت رۆشنبیران وەڵامی بدەنەوە. وەڵامێك کە پشت بە واقیعو بابەتی بوون ببەستێتو دانەبڕاو بێت لە هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو رەچاوی پێشکەوتنی هەمەلایەنی رۆشنبیریو راگەیاندنی دونیا بکات، کە دانەبڕاون لە ئازادی دەربڕینو نووسینو ئازادییە گشتییەکان! هاوکێشەیە دەسەڵاتی رۆژنامەگەری کە ئەمڕۆ وابەستەیە بەمافە دەستوورییەکانی هەر تاکێك لە چنگ خستنی زانیاریو هەواڵ دەربارەی رووداوەکان، ئەو مافەی کە یاسا نێودەوڵتییەکان بە رەسمی دانیان پێداناوە.

لەبیرمان نەچێت زانایەکی سیاسی هندی لەمەڕ رۆڵی دەستەبژێری رۆشنبیری لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو دەڵێت: خوێندەواران مێشکی میللەتن، نوێنەری یاسایی و سروشتی جەماوەری گەلن، لە هەموو سەردەمو کاتێکدا ئەوەی بە فکریی کاردەکات دەبێت حوکمیش بکات ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی لە هۆشیاری دەستەبژێری رۆشنبیری رەگی داکوتاوە کە مافی ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی سیاسی هەیە چونکە خاوەنی مەعریفەن(4). ئەمە رێك دەگەڵ دیاردەی گەیشتنە پلە و پایەی رۆشنبیرێك دێتەوە کە دوای راپەڕینی 1991 هەوڵیان بۆ داوە بەو ناوەی رۆشنبیرنو مافیانە شوێنێك وەرگرنو لە ریزی حزب کاردەکەن، مەسەلەی مەعریفەش گرنگ نییە.

لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا ئایا بۆچوونەکەی پیرەمێرد و پیرۆزباییەکەی راست دێتەوە کە دەیەوێت رۆشنبیر لە دەرەوەی دەسەڵاتو سیستەمی حوکمڕانی بێت، یاخود پێچەوانە وەکو ئەوەی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکەین و دەبێت رۆشنبیران لە (پلەو پایەی) حوکمڕانیو سیاسی یا بە لایەنی کەمەوە لە (بنکە سیاسی، رۆشنبیرییەکان) بەشدار بن. هەروەها لەم رێگەیەشەوە دەتوانن (پلەو پایەی) رۆشنبیری ئاراستە بکەنو پرۆژەی رۆشنبیریو نووسینو رابوونی رۆشنبیری دابڕێژن، بە وابەستەییو رەچاوکردنی هەموو بەرژەوەندیو سانسۆرو دبلۆماسییەتێکی حکومەتو دەسەڵاتداران.

رێك ئەم بۆچوونە زەق زەق دێتە بەرایيمان، کە دەڵێت سەروەری وڵات لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا تەنیا لە سەربەخۆیی سیاسیو ئابووریی نییە، بەڵکە پێش هەر شتێك لە بەرایيداندا سەربەخۆیی راگەیاندنو رۆشنبیرییە، یانی ئەگەر سەربەخۆیی راگەیاندنو رۆشنبیری بوبنە هاوتای دەسەڵاتو کیانی سیاسیو هێزی ئابووری، ئەوە (رۆشنبیران) رۆڵیان لە پێشکەوتنو دواکەوتنی وڵاتدا گەلێك لەوە قورسترو قوڵترە کە (پیرەمێرد) لە بەرامبەر "ئەمین زەکی بەگ" وەکو هەڵوێستو داواو بۆچوونی فکریو رۆشنبیری خۆی تەقاندییەوە.

لەبەر ئەوەشە هاوتایی لە نێوان دەسەڵاتی نووسینو دەسەڵاتی رۆشنبیری هاتۆتە ئاراوە، نابێت لە بیرمان بچێت کە ئەم هێزە لە بیرکردنەوەی ئازادو عەقڵی ئازادو ئازادی دەستکەوتنی زانیاریو هەواڵو بڵاوکردنەوەو هاتووە. لێرەدا بە



یەکراستیو راستەوخۆ دەگەینە سەر مەبەست، ئایا رۆشنبیرانی سەربەخۆو ئازاد، ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیو رۆشنبیری دەسەڵات کار دەکەن، یاخود رۆشنبیری دەسەڵاتو دەسەڵاتدارانن دەتوانن هاوتایی دروست بکەن، رۆشنبیرییەك بخولقێنێت، کە دەتوانێت زەمینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فکریو ئەخلاقی پتەو بکاتو گەشەی پێبدات، کە دەزانین لە رۆژهەڵاتدا پیشەی دووەمی رۆشنبیران سیاسەتە، لە هەندێك قۆناغیش رۆڵی رابەریش دەبینن، دەگەڵ ئەوەشدا کاری سەرەکی رۆشنبیر دوای سەربەخۆیی بایەخدانە بە چالاکی فکری داهێنەرانە، نەك شتی لاوەکی.

رۆشنبیرێکی عەرەبی دەڵێت: خۆمان لەسەردەمی تێکشکانی عەرەبی نەدەدیتەوە ئەگەر رۆشنبیریو رۆشنبیرانی عەرەب لە تێکشکانی قووڵترو دژوارتر نەبوونایە، کە لە تێکشکانی سیاسی گرانترە.

ئەم دەستەو یەخە دەگەڵ باری ئەمڕۆی تەژی لە کێشەو تەنگەژەو پاشەکشەی دەسەڵاتی "وشەو رۆشنبیری" لە کوردستاندا، دەماغاتە سەر هێڵی وردی بیرکردنەوە، ئایا ئەوەی هەنووکە "رۆشنبیری کوردی" لە ئاستی نەتەوەیی رووبەڕوویەتی پێش هەر شتو کەسو هۆکارێك دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ ئایا وەزعی سیاسی لێی بەرپرسیارە بە شێوەیەکی گشتی، یا پرۆژەی کەلتووریو روناکبیری حزبەکان (ئەوانەی دەسەڵات بەڕێوە دەبەن یاخود ئەوانەی لە دەرەوەی ئیدارەن)، یاخود دەزگا ئەکادیمیو زانستیو ئەدەبیو رۆژنبیریو پیشەییە جەماوەرییەکان، یاخود راستەوخۆ رۆشنبیران لێی بەرپرسن؟

ئایا دوای دە ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستانی باشووردا غەدر لە خۆمان ناکەین، ئەگەر نەوەستینو چاو بە ئەزموونی کارەکانمانو پرۆژەو بەرهەمەکانمان نەخشێنینەوە، شێوە پەیوەندییە باوەکان هەڵنەوەشێنینەوە بە مانای (لێکۆڵینەوەی زانستی). هەروەسا رۆڵی حزبەکان لە بەرتەسککردنەوەی مەودای رۆشنبیریی نەتەوەیی بۆ رۆشنبیریی حزبیو کورتو قوت کردنەوە لە دەسەڵاتی نووسینو رۆشنبیریی بەرێوەبردنی مەرامی هەڵوەشینی هێزی وشە بۆ دروستکردنی رای حزبیو رۆشنبیریی حزبیو هێنانە بەرهەمی مشەخۆریو خۆبژێویو دەستەمۆ بوون بۆ بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتی رۆشنبیری، لە قازانجی رۆشنبیری حزبیو دەسەڵاتداری! بەو مانایەی (ئازاد بن لە ئیرادە)(6). بەڵام دیاریکردنو هەڵبژاردنو بڕیارلێدان دوورە لە کاری خودیو بەرجەستە نابێت لە خەیاڵی رۆمانسییانەی رۆشنبیرو دەسەڵاتدا.

یانی راستەوخۆ چوونە سەر خاڵی مەبەست ئەوەیە، یا ئەوەی ئێستا رۆشنبیریی کوردی تێیدا دەژیت، لە ئەنجامی بڵاویی و بە رەسمی بوونی هەموو شتێك لە چوارچێوەی پاراستنو جوانکردنی دەسکەوتەکانمان، کە ئەویش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی خۆی بەسەر بەدەستهێنانو دەستپێشخەریو کاریگەری لەسەر راپەڕین دەکاتە مولك و مولکداریو لە بەرژەوەندی خۆی تۆماری دەکات " شتەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا کۆبێتەوە" ئەم کۆبوونەوەش دۆزو کێشەو هەلومەرجەکان لە خاڵێکدا کۆ دەکاتەوە، دەپرسین ئایا دەسەڵاتی سیاسیو وەزعی گشتیمان ئەم دۆخەی بەسەر باری رۆشنبیریو رۆشنبیرانمان خوڵقاندووە؟ یاخود تەنگەژەو قەیرانی رۆشنبیرییو پاشکۆبوونو لە پەراوێزکار کردنی راگەیاندنە ئەم بارەی خوڵقاندووە؟.

راستە پیرەمێرد لە سەردەمێکدا ئەم گوتارە قووڵو هەمەلایەنەی خوڵقاندووە، کە دونیا لەم هەژمونە بەهێزەی دەسەڵاتی راگەیاندنو گەیاندنو رۆشنبیری نەدەژیا، کە ئیستعماری سەربازی ببێتە ئیستعماری راگەیاندنو دونیا دواتر لەبەردەم گەشەکردنی تەکنەلۆژیاو گەیاندن ببێتە گوندێکی بچووكو گوندێکی ئەلەکتۆنی. بەڵکو گەلێك لەو چەمکانەی ئێستا پرسیاری چارەنووسسازو شێوە جیاجیایان هێناوەتە ئاراوە، تەقلیدی بوون، وەلێ ئێستا گوتارەکەی پیرەمێرد لە شێوەیەکی سەردەمانەو هاوچەرخانە هاتۆتە مەیدانێ، لەوەی "دەسەڵاتی رۆشنبیریی" چ ئالوگۆڕو تەکانێکی تازەی لە نێو کۆمەڵگاو لە ئاستی نێو نەتەوەیی دروست کردووە، رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو توێژەران لە سایەی دەسەڵاتی نووسینو وشە لە کەشی ئازادی دەربڕینو مافی وەرگرتنو دەستخستنی ئازادانەی زانیاریو هەواڵو بڵاوکردنەوەو رادەربڕین چ هەلومەرجێکیان هاوتای دەسەڵاتی سیاسیو ئابووری دروست کردووە، کە دەبێت دیسان بپرسین، ئەم دەسەڵاتو هێزە کاریگەرە لەکوێ هاتووە، ئایا سەربەخۆیی وڵاتە ئەمەی خوولقاندووە، یاخود پرۆژەی فکریو رۆشنبیری سەربەخۆی رۆشنبیران.. بۆیە چاکترین وەڵامێك کە واقیعیو بابەتی بێت، پێویستە بە مێژووی رۆشنبیری کوردیدا بچینەوە، نەهێنی "دەسەڵاتی نووسینو وشە" لە رۆشنبیریی کوردی دیاری بکەین، لە بیرمان نەچێت رۆشنبیران بوونی دەسەڵاتی "عەقڵو وشەیان" لە ئیماراتە کوردییەکانو حکومەتی خواروی کوردستانو ئەزموونی (70_1974)ی کوردستانی باشوورو دەسەڵاتی پەرلەمانو حکومەتی کوردستانو بەرەی کوردستانی لە (1991_1992)و رۆڵی رۆشنبیران لە شۆڕشەکانی کورد، دەسەڵاتی گەیاندنو راگەیاندن دوایی بەشداریی (رادیۆ) لە شۆڕش وەکو یەکەم ئەزموونو ئینجا دەگەینە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانو مەودای کاریگەریی وشەو پرۆژەی رۆشنبیری کوردی لە ئەوروپای ئازادو تێکەڵ بوونی ئەمانە هەموویان بە پرۆسەی حزبی (ئیجابی - سلبی)و جمك بوونی رۆشنبیریمان بە شۆڕشو شۆڕگێڕی بەهۆی سەرکوتو قڕکردنی کۆڵۆنیاڵی کە دژی کوردستانو مرۆڤی کورد بەرێوە چووە! تا دەگاتە لەتبوونی رۆشنبیریمان لەبەر لەتبوونو دابەشکردنی کوردستانو پیلانی حکومەتە ناوەندییەکانو عەقڵی خۆخۆریو چوونە باوەشی بەرژەوەندی حزبی.

هەموو ئەوانە متمانە دەدەنە رۆشنبیریی کورد، کە گەیەنرانە سیاغەو لێکدانەوەی زانستیو بابەتیان لەمەڕ کرا، بێ ئەوەی خۆ لەوە ببوێرن کە گوتاری رۆشنبیرانی ئایینیو نەتەوەییو شۆڕشگێڕیو خۆ بەدەستەوەدەرو مشەخۆرو ملکەچ لەناو رۆشنبیریی کوردی هەیە، نابێت بە قەڵەمی دیکتاتۆر لە بایەخی دەسەڵاتی رۆشنبیرییو نووسینی کوردی کەم بکەینەوە چ لە شێواندن یاخود بەسەرکوتکردن یا دەمکوتی ئازادی، یا بە هۆی قەڵەمی خوێن گەرم بەرەو ئاقاری توونديو تیژیو سەراب بگەڕێینەوە، یا بمانەوێت رۆشنبیریی لە زەمەنێکی کورتو هەنووکەیی بەرتەسك بکەینە دەستەمۆی بەرژەوەندی حزبی، بەڵکە پێویستە قەڵەمو عەقڵییەتی سەربەست لە ئاست دەسەڵاتی رۆشنبیریی بیر بکاتەوە.. بڕواشی بەوە بێت ئازادی سەرچاوەی رۆشنبیرییە.. ئەو دەسەڵاتەش وەکو دەسەڵاتو سیستەمی سیاسیو رۆشنبیری کاتیی نین، مەزاجو مەرامی شەخسی، ئارەزووی گرووپو دەستەبەندی دروست ناکات، بۆیەشە دەسەڵاتی رۆشنبیریی ئەو دەسەڵاتەیە کە رۆشنبیری سەربەخۆ لە بیرکردنەوەو ویژدانو داهێنان دەیخولقێنێت، بێ دابڕان لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، سیاسی کۆمەڵگا، سەربەخۆ بیرکردنەوەش مانای جەنگ دژی سەردەم نییە، بەقەد ئەوەی هەوڵی چەسپاندنی واقیعی بوونو عەقڵانییەتو دوورخستنەوەی نامۆییو پاشکۆبوونو دابڕانو گەڕانەوەو هەڵگەڕانەوە دەدات.

سەرچاوەکان:

1.د.عبدالعزیز شرف ، لغة الحضارة والتحديات المستقبل 1999، قاهيرة ل112
2.گولان العربی، فاروق علی عمر، الصحافة الكردية في العراق، العدد (54) تشرين الثاني 2000
مەبەست لە کتێبی خولاسەی مێژووی کوردو کوردستانە، دوو بەشە بە زمانی کوردی ساڵی 1931و 1937 لە بەغدا چاپ بووە.
3.د.عبدالعزیز شرف، ل 182
4.عدد من المؤلفين، المثقفون والتقدم الاجتماعي، ترجمة شوكت يوسف، سوريا 1984، ل137
5.مریم سالم، ثقافة الاعلام واعلام الثقافة، 1995 ، مریم سالم رۆژنامەنووسێکی ئیماراتیە
6.ئەم گوتەیە لە کتێبی المثقفون والتقدم الجتماعي وەرگیراوەو قسەی نووسەرێکی رۆژهەڵاتییە کە دەڵێت: ئەوانەی لە ئەنتلجنتسیا لە دەسەڵات شوێنیان گرتووە، ئازادن لە ئیرادە بەڵام ئیختیارکارێکی خودی نییە.

بەبۆنەی 14ی ئادار، ساڵیادی کۆچی دوایی (کارل مارکس)ەوە

مارکس و مارکسیزم

سەعید کەریم

کاتێ باس لە فەلسەفەو فیکری مارکسییەت دەکەین دەبێ لەسەر ئەوە کۆك بین کە کەم کەس لە ئێمە هەیە لە راستی فەلسەفەی مارکسییەت گەیشت بێ، چ وەکو فیکر یان پێبازێکی سیاسی، ئەمەش غەوشێکی خۆیی نییە لە خودی ئێمەداو رۆشنبیریی گشتیمان، کە زانیاریمان دەربارەی مارکسییەت بەشێوەیەکی تیۆرییە، بەڵکو غەوشێکی بەتییانەیە. رەنگە تاکە پاساومان بۆ ئەم حاڵەتە ئەوە بێت کە زۆربەی سەرچاوەکانی مارکسییەت رنەگێڕدراونەتە سەر ئەو زمانانەی کە ئێمە شارەزاییمان لێیان هەیە، یان ئەو ابەتانە کە وەرگێڕراون بە تاکو تەرا بەرچاو دەکەونو بابەتی سەرەتایيو رووکەشنو، بەشێوەیەکی لاواز وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی ئەوجا کوردی هەر باس ناکرێتو، ئەگەر وەرگێڕدراو بێت ئەوە لە روانگەیەکی تەسکی حزبییەوە بووە. دەتوانین بڵێین لەبەر ئەو فاکتەرەو هەندێ فاکتەری دیکە مارکسییەت نەبووە بە بەشێك لە رۆشنبیری فیکریمان، نەك تەنها بە نسبەت هەسانی سادەوە، بەڵکو ئەو کەسانەش ە خۆیان بە مارکسی دەزانن، رەنگە ئەو کەسە کەسێکی بالادەست یان ئەندام بێت لە حزبێکی مارکسیدا بۆیەش دەبینین زۆربەی حزبە مارکسییەکان (شیوعییەکان) لە ەرامبەر هەندێ کێشەو مەسەلەدا ەڵوێستێکی هەڵپەرستانەیان هەیە، یاخود بۆچوونەکانیان تەمو مژێکی زری پێوە دیارەو دەبینرێت. لەلایەکی ریشەوە دەزگاکانی راگەیاندن (گۆڤارو رۆژنامەکان، زانکۆکان، قوتابخانەکان) ئەمجارودۆخە زیاتر ئاڵۆز دەکەن، کە ەنگە زۆر جار بەشێوەیەکی چەواشەو شێواولە مارکسییەت دەدوێن.

ئەمەو سەرباری بەردەوام بوونی سیاسەتی تاکڕەوی لەلایەن رژێمە یکتاتۆرەکانەوەو، باڵا دەستی حزبە اسیۆنالیستو ئایینیەکان کە بە ەردەوامی هەوڵی شێواندنی فیکری ارکسییان داوە، چ بە قەدەغەکردنی ئەوبڵاوکراوەو کتێبانەی کە بۆنو تامی ارکسییانەیان هەیە، یان پەیڕەوکردنی ەو سیاسەتەی کە ئیسلام دایهێنا بۆ قەڵاچۆکردنو بنبڕکردنی فەلسەفەو بکر، ئەم سیاسەتەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتی داگیرکردنی میسر لەلایەن سلامەوە، کە یەکەم کار پێی هەڵسان سوتاندنی کتێبەکانی کتێبخانەی (ئەسکەندەریە)و دابەشکردنی کتێبەکانی بوو بەسەر حەمامەکانی شاردا بۆ بەکارهێنانی وەکو سووتەمەنی چونکە لەلای ئیسلامییەکان (فەلسەفە کلیلی کوفرەو فەیلەسوفەکان ئەهلی دۆزەخن).

بۆیە لە هیچ قۆناغێکدا لە ژمەڵگا بەشێوەیەکی ئاشکراو کۆمەڵ گفتوگۆی راستەقینە لەسەر فیکری ارکسییەت نەکراوە، کە ئەم گفتوگۆیە رەنگە بووبوایە بە رێگایەك بۆ ەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریمان لەمەڕ مارکسییەت. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆر لە ئێمە چەند شتێکی سەرەتایی دەزانین لە بارەی فەلسەفەی مارکسییەت، سەرچاوەی ئەم زانیارییەنەش چەند کتێبێکە کە یان ەرگێڕانەکە زۆر لاوازەیان چەند جارێك ە پاڵاوتە ئایدۆلۆژییەکەی سۆڤیەت راوە. بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە انیاریمان دەربارەی فەلسەفەو فیکری ارکسییەت سادەو رووکەشیانەیە.

لێرەشدا بە تەنها باس لە زانیاری ك ناکەین بەڵکو کۆمەڵگا بەگشتی ۆیە دەبێت پێناسەیەکی هەمەلایەن خەینە رووبۆ فەلسەفەی مارکسییەت ە رووی مێژووییەوە تا دیدگەیەکی ابەتیانەمان هەبێت بۆی و ئەوە سەلمێنین کە مارکسییەت تەنها ئەوە ییە کە لە ناو چەند کتێبێکدا نووسرا ێت یان تەنها ئەوە بێت کە مارکس وتویەتی چونکە خودی مارکس چارەسەرو لێکۆڵینەوەی لەسەر زۆر کێشەو دیاردە ئەنجام داوە بە ئاستی جۆراو جۆرو لە قۆناغی زەمەنی جیاوازداو، ئەگەر مارکسییەتەکەی ارکس بەردی بناغەی مارکسییەت ێت، ئەوا مارکسییەت چوارچێوەیەکی چەق بەستووو نەگۆڕی نییە، جگە ەمە فەلسەفەی وەکو فەلسەفەیەکی ییەنی یان هەر فەلسەفەیەکی دیکە ە تایبەت بێت بە وارێکی دیاریکراو ە کۆمەڵگادا کە لە زەمەنێکی کەمو قۆناغێکی دیاریکراودا پێکهاتبێ، چونکە مارکسییەت بە چەند ۆناغێکی فەلسەفی ئابووری، سیاسی، مێژووییدا تێپەڕیوە. بۆیە دەبێت یدگەو خوێندنەوەیەکی بابەتیانەمان هەبێت بۆ مارکسییەتو، تەنها خوێندنەوەو وەسف کردنی واقیعێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابووری، رۆشنبیری، فیکری سەردەمێکی دیاریکراو نییە، بەپێی ئەو خەسڵەتانەی کە فەلسەفەی مارکسییەت هەیەتیو (لینین) تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە لە کتێبی (المادية ومذهب النقد التجريبي)، کاتێ دەڵێ: (مارکسییەت لەگەڵ هەموو دۆزینەوەو دەستکەوتێکی نستی خۆی نوێ دەکاتەوە)، کە وابوو ەرچاوەکانی فەلسەفەی مارکسییەت ەنها ئەو سێ سەرچاوەیە نییە کە لە قۆناغێکدا (لینین) دەست نیشانی ەکات، جگە لەوەی کە مارکسییەت ەواوکەری ئەوفەلسەفانە نییە کە بە سەرچاوەی مارکسییەت لە قەڵەم دەدرێن بەڵکو ئەبستراکت دروست دەکات لەگەڵیانداو رەتیان دەکاتەوە. ەگەر سەیری مارکسییەت بکەین وەکو تیۆرێك، دەبێت دەستنیشانی ئەو خەسڵەتانەبکەین کە لە سەرجەم تیۆرە فەلسەفییەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، یەکەمجار فەلسەفەی مارکسییەت هەوێنو فاکتەرو یاساکانی لە ئەنجامدانی دیراسەو لێکۆڵینەوەی ئەو واقیعە ئۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسییەو ئەو لملانێ فیکریانە بەرجەستە دەکات، اتا لەسەر فیکرێکی سەلەفیو کۆن دانەتاشراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای واقیعێکی بەرجەستەکراوە. ارکسییەت بە تەنها تیۆرێك نییە بۆ خوێندنەوەو وەسفکردنی واقیعێك، بەڵکو هەڵوێستو خوێندنەوەیەکی بابەتییانەیە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی سرۆڤەکان لێی رازی نین، کە وابوو زانیاری لەسەر بنەمایەکی فیکری موجەرەد نابێت بەڵکو لەسەر ۆژینەوەیەکی زانستیو، دژی هەموو ەهاو تەجریدێکە..